FREDRIKSTAD
KOMMUNE

# کۆمپاسی دایکوباوکان




دایکوباوکان دەبێ لە ماوەی پێگەیشتنی منداڵەکانیان لە سەر زۆر پرسان هەڵوێست بگرن.
بەرز بوونەوەی زانیاری و پشتیوانی لە لایەن کەسانیترەوە دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێ.
کۆمپاسی دایکوباوکان بۆ ئەم مەبەستە ئاسانکاری دەکات!

منداڵ پێویستی بە دایکوباوکی بێ مەترسی، ڕوون و گەش و پاڵپشتی هەیە؛

- **دایکوباوکانی بێ مەترسی** بە باوەشی ئاواڵەوە بەرەو پیری منداڵ دەچن. ئەوان هەستە جۆراوجۆرەکانی منداڵ تەحەموول دەکەن و بیردەکەنەوە کە بۆخۆیان چۆن لە لایەن منداڵەکەوە پێناسە دەکرێن.

- **دایکوباوکانی ڕوون و گەش** ڕێبەری وەئەستۆ دەگرێ و ڕێگا نیشاندەرن. ئەوان بە شێوەیەکی ڕوون سنوور دیاری دەکەن، و دەزانن کە بڕیارەکانیان دەتوانێ ناخۆشەویست بێ و بەڵام لە هەمان کاتیشدا باش بن.

- **دایکوباوکانی پاڵپشت** هەوڵ دەدەن لە ئەزموونەکان و هەستەکانی منداڵ تێبگەن و دڵدانەوە و هاندەریان دەبن. ئەوان لێدەگەڕێن منداڵ بۆخۆی هەوڵ بدات و ئەگەر پێویست بوو یارمەتیدەر بن.

دایکوباوکەکان کەمکەم لە بنکەی تەندرووستی ڕا تا کۆتایی پۆلی ١٠ چاویان بە کۆمپاسی دایکوباوکان دەکەوێ. لە ساڵی ٢٠٢٢ بەرنامەکە لە زۆر شوێنەوە دێتە بواری جێبەجێ کردن.

**کۆمپاسی دایکوباوکان لە بنکەی تەندرووستی:**
لە ڕێگای بەدواداچوونەوە لە بنکەی تەندرووستی ئەو کەسانەی تازە بوونە دایکوباوک یان بەم نزیکانە دەبن هەم بۆ کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری و هەم بۆ کارە هەمەلایەنەکانی جۆراوجۆر بانگهێشت دەکرێن. کۆمپاسی دایکوباوکان بە تایبەت لە گرووپە کارگێرەکاندا دەناسرێتەوە، واتە شوێنێک کە کارمەندەکان زانستی سەردەمیانە دەگەڵ دایکوباوکان دابەش دەکەن بۆ گفتگۆ و بیرکردنەوە لە نێوان دایکوباوکاندا خۆ ئامادە دەکەن.

**کۆمپاسی دایکوباوکان لە باخچەی منداڵان و قوتابخانە:**
بە هۆی یەک یان چەندین کۆبوونەوەی دایکوباوکان لە ساڵدا، کۆمپاسی دایکوباوکان لە ڕێگای قوتابخانەی منداڵانەوە لە باخچەی منداڵان بەڕێوەدەچێ. دایکوباوکان سەبارەت بە باسێکی تایبەت ناساندنێکی کورت وەردەگرن (بو وێنە وەک خەو، پاراستنی منداڵ یان بە گشتی پێشکەوتن). پاش ئەوە گفتگۆ و بیرکردنەوە لە نێوان دایکوباوکان ئەنجام دەدرێ.

زۆر باخچەی منداڵانی خسووسی لەم بەرنامەدا بەشدارن.